# هەر هاوڕێتم

سەرنج : ئەم هۆنراوەیە پێشکە شە بە خاتوو کەژاڵ ئیبراهیم خدر ی شاعیر.
ئەمە هۆنراوە وەڵامێکە بۆ هۆنراوەیەکی خاتوو کەژاڵ بە ناوی
( هاوڕێکەم )[1] . ئەوەی کە بە ڕەنگی سوور نووسراوە، دەقی دێڕ
بە دێڕی هۆنراوەکەی ئەوخانمەیە.

" نە من وون بووم و نە گوڵ و خونچەی شیعرەکانم
بۆنیان کزە"
من نەم ووتووە و من ناڵێم
کە تۆ وونیت
من نەم ووتووە و من ناڵێم
گوڵ و خونچەی شیعرەکانت بۆنیان کزە و
تۆ ئێستاکە بێ ئەوینیت

" تۆ نە شارەزا هاتویت و ماڵی شیعرەکانم پێ نازانیت"
من نە شارەزا نەهاتووم
ماڵی شیعرت پێدەزانم
بەڵام چی بکەم، ئەگەر هاتوو
دەرگای شیعرت وەک دەرگای دڵ داخراو بێ
دڵ نەتوانێ
گەر بۆ تەنها یەک شەویش بێ
میوانی ماڵی شیعرت بێ

" بۆ ئەوەی بمدۆزیتەوە
بڕۆ تێر بۆنی دەستە مانوەکانی
باوکم بکە و "
من نامەوێت
دەستە ماندووەکانی باوکت ماچ کەمەوە
چونکە پێشتر ئەو دەستانە
لە بۆنەی تر، ماچ کراوە

" تەنیا دوو دڵۆپ لە فرمێسکی نیگا
کاڵبوەکانی دایکم و "
من نامەوێت
نەک دوو دڵۆپ،
هیچ فرمێسکی نیگا کاڵبووەکانی دایکت بخۆمەوە
چونکە پێشتر ئەو فرمێسکە
بە خۆشی مارە بڕینی تۆ ڕژاوە

" شەرمی قەیرە کچەکانی وولاتەکەم
بخۆرەوە
من وام لەوێ "
من نامەوێت
هیچ دڵۆپە فرمێسکێکی
نیگای کاڵبووی قەیرە کچی وولاتەکەت بخۆمەوە
هەتاوەکو کە چوومە لای، وا تێ نەگات
ئەمجارەیان کە بێ بەختی بەری داوە

" دواتر لە نێو سۆزی هەناسە بەگوڵ چێنراوەکانی
کۆرپەکانمدا هەناسەکەم بەدی بکە و "
من نامەوێت
کۆرپەکانت، لە خەونی قووڵی ژێر دەوار
ژێر ڕەشماڵی دایکایەتی و باوکایەتی ڕاچڵەکێنم
چونکە وا ئەوان ئێستاکە
سۆزی هەناسەی بە گوڵ چێنراویان پێدراوە

" لە نێو باخچە ڕەنگینەکانی هاوسەرەکەمدا
ساباتێکم هەیە بۆ پشوو
وەرە لە وێم "
من نامەوێت
هیچ لە پشووی ژێر ساباتی هاوسەرت کەم
چونکە زووتر ،
ئە و ساباتە بۆ پشووی تۆ هەڵخراوە

من ئێستاکە لە تۆ دوورم، ناگەمە لات
ناشتوانم پشوویەک بدەم
لەژێر دار و ژێر سێبەری باخچەی باڵات
هێند بزانە
هەر هاوڕێتم ، هەر هاوڕێتم
ئەگەر هاتوو بشگەمەلات
////////////////////////////////////////////////////////
1 : هۆنراوە یەکی خاتوو کەژاڵ

ڕزگار گوڵەباخ
بەرلین 16.10.2006

هاوڕێکەم

نە من وون بووم و نە گوڵ و خونچەی شیعرەکانم
بۆنیان کزە
تۆ نە شارەزا هاتویت و ماڵی شیعرەکانم پێ نازانیت
بۆ ئەوەی بمدۆزیتەوە
بڕۆ تێر بۆنی دەستە مانوەکانی
باوکم بکە و
تەنیا دوو دڵۆپ لە فرمێسکی نیگا
کاڵبوەکانی دایکم و
شەرمی قەیرە کچەکانی ووڵاتەکەم
بخۆرەوە
من وام لەوێ
دواتر لە نێو سۆزی هەناسە بەگوڵ چێنراوەکانی
کۆرپەکانمدا هەناسەکەم بەدی بکە و
لە نێو باخچە ڕەنگینەکانی هاوسەرەکەمدا
ساباتێکم هەیە بۆ پشوو
وەرە لە ویێم